# بەرنامەی کۆمەڵە

# بۆ دەسەڵاتی جەماوەری لە کوردستان



## \پێرست

**پێشەکی**

**بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی جەماوەری لە کوردستان**

**بەشی یەکەم:**

پێکهاتەی دەسەڵات لە کوردستان

ئەلف: دەسەڵاتی شوڕایی وەك نیزامێکی بانتری کۆمەڵایەتی

ب: پێکهاتەی دەسەڵاتی شوڕایی

ج: هێزی چەکدار

**بەشی دووهەم:**

مافی دیاریکردنی چارەنووس

**بەشی سێهەم:**

ماف و ئازادییە فەردی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان

**بەشی چوارەم:**

مافەکانی ژنان

* مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان
* مافە ئابوورییەکان
* مافەکانی ژن لە بنەماڵەدا
* لە بار بردن
* فەحشا

**بەشی پێنجەم:**

مافی مناڵان

**بەشی شەشەم:**

ئاسایشی گشتی و بیمە کۆمەڵایەتییەکان

**بەشەی حەوتەم:**

خەبات لە دژی گیرۆدەبوون و قاچاخی مەوادی موخەدیر

**بەشەی هەشتەم:**

پارێزگاری لە ژینگە

**بەشی نۆیەم:**

یاسای کار و مافەکانی کرێکاران

هەنگاوە ئابوورییەکان

## پێشەکی

کۆمەڵە بە پێی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە پێناو کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری چینی سەرمایەدار و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی خەبات دەکات. ئامانجی کۆتایی ئێمە بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکە کە ئازادی و ئاسایش بۆ هەمووان جێگای کۆیلەتی و بێ عەدالەتی و بێ بەشی بگرێتەوە و بواری یەکسان بۆ گەشە و هەڵدانی لێهاتوویییەکان و لێوەشاوەییەکانی ئینسان برەخسێ، کۆمەڵگایەك کە هەر کەسە و بەپرادەی توانایی خۆی کار دەکات و بە بری پێویستی خۆی لە ئیمکاناتی ژیان بەهرەمەند دەبێت و دەوڵەتێك لە ئارادا نییە کە لە سەروی کۆمەڵگاوە بێ و بەندی کۆیلەتی و ژێردەستەیی کەسەکان بە رابردووەکانی چەوسانەوە، ستەم، کۆنەپەرستی و نەزانییەوە گرێ بدات.

بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە هەتا ئێستاکەش نیزامی سەرمایەداری لە ئارادایە، ئێمە وێرای خەباتی بێوچان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سوسیالیستی، بۆ ساتێکیش لە خەبات بۆ بەجێ گەیاندنی چاکسازی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی پێشرەو و پێشکەوتنخواز لە پێناو باشتر بوونی هەلومەرجی ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژێر دەستە و ئینسانی تر کردن و هێمنانە تر کردنی کۆمەڵگا و شوێنی ژیانیان هەر لە چوار چێوەی ئەو نیزامەی کە لە ئارادایە، دەست هەڵناگرین. راگەیاندنی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی خەڵك لە کوردستان هەنگاوێکی گرینگی ئەم ستراتێژییەیە.

کۆمەڵە، مافی سەرجەم نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بۆ دیارکردنی چارەنووسی خۆیان بە رەسمی دەناسێ. لە هەمان کاتیشدا خوازیاری یەکگرتوویی ئارەزوومەندانە و ئازادانەی سەرجەم ئەو نەتەوانەیە. لە روانگەی ئێمەوە بەرژەوەندی خەباتی چینی کرێکار لە پێناو سوسیالیزمدا، یەکێتی و یەکگرتوویی سیاسی و حیزبی چینی کرێکاری ئێرانی پێویستە و کۆمەڵە لە پێناو دابین بوونی یەکڕیزی چینی کرێکاری ئێران لە هەموو بوارەکانی خەباتدا، تێدەکۆشێ.

## بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی جەماوەری لە کوردستان

**بە سەرنج دان بەوەی کە:**

1- قەیرانی ئابوری و سیاسی رژیمی کۆماری ئیسلامی و بەڵا و نەهامەتیەکانی سەرچاوە گرتوو لە دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداری، گەشەی بزووتنەوەی کرێکاریی و سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و نارەزایەتی بەرینی جەماوەری خەڵك، روودانی ئاخێزێکی جەماوەری، ئاسۆی رووخانی کۆماری ئیسلامی و تێکە و پێچرانی دام دەزگای هێزەکان و دەسەڵاتەکەی بۆتە ئیمکانێکی ماددی و واقعی لە کوردستان.

2- حیزب و هێزە بورژواییەکانی کوردستان هەر لە ئێستاوە هەوڵ دەدەن بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان لە ناو بیرورای گشتیدا جێ بخەن و هەوڵدەدەن دامەزراندنی حکومەتێکی فیدراڵی لە سەر بنەمای سیستمی پارلمانی وەك مکانیزمی بەشداری خەڵك لە کاروباری سیاسی و ئیدارەی کۆمەڵگا و ناوەرۆکی سەرکەوتن بە سەر خەڵکدا بسەپێنین.

3- نیشاندانی تێگەیشتن و بۆچوونێکی روون لە مانای راستەقینەی سەرکەوتنی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان، چۆنیەتی بەشداری راستەوخۆی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارەی کۆمەڵگا و چۆنیەتی هاتنەدی ویست و داواکارییەکانیان زەروورەتی پەیدا کردوە و جێ خستنی مانا و جەوهەری راستەقینەی سەرکەوتن لە ناو جەماوەری خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان لە پێش مەرجەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان دەبێ، کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) کە خۆی لە هاندەران و رێکخەرانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان بوە و پشتیوانی بەشێکی بەرین لە کۆمەڵگای کوردستانی مسۆگەر کردوە، بەرنامەی خۆی لە پێناو دەسەڵاتی خەڵك لە سەر بنەمای سیستمی شوڕایی لە کوردستان رادەگەیەنێ.

**پێویستییەکانی هاتنە دی دەسەڵاتی خەڵک لە کوردستان**

1- چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی شار و دێ هێزی سەرەکی پاڵنەری بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان پێك دێنێ، گەشەی بزووتنەوەی سوسیالیستی چینی کرێکار، وەرێ خستنی رێکخراوەی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران، رێکخراو بوونی بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵك لە دژی رژیم لە پێویستییەکانی پێشرەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەی و هاتنە دی دەسەڵاتی جەماوەری چەوساوە و ستەم لێکراوی کوردستانە.

2- مەرجی پێویستی پێشرەوی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و هاتنە دی دەسەڵاتی خەڵك، دابرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە لە ستراتیژ، ئاسۆ، ئامانجەکان و سیاسەتەکانی حیزبە بورژواییەکانی کوردستان و بە هێز کردنی ستراتیژی سوسیالیستی لە بەرانبەر ستراتیژی ناسیونالیستی بە پانتایی کۆمەڵایەتییە. ئەنجام دانی ئەم ئەرکە گەورەیە لە گرەوی رۆشنایی تێگەیشتنێکی روون لە ئامانج و بەرنامە بۆ ئاڵوگۆری راستەقینە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندایە.

3- دابین بوونی ئێرادەی ئازادانەی خەڵکی کوردستان بە سەر چارەنووسی خۆیاندا بەرهەمی درێژەی خەباتێکی جەماوەری هەمە لایەنەی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و نیزامی لە دژی کۆماری ئێسلامییە، ئەم خەباتە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی بەرە و پێشیی خۆی جەماوەری خەڵك بە مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتی داهاتووی خۆیان تەیارتر دەکات و سەرەنجام بە تەوژمی هەمەلایەنە بۆ سەر تەواوییەتی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان پێویستییەکانی سەرکەوتنی یەکجارەکی مسۆگەر دەکات.

4- بە دارمان و لە بەریەك هەڵوەشانی هێز و ناوەندەکانی حکومەتی ناوەندی و پاشەکشێی ئەاون، کار تەواو نابێ. سەرکەوتن لەم قۆناغەدا بە پێك هێنای ئورگانەکانی دەسەڵاتدارەتی جەماوەری لە شار و دێ و رێکخستنی پێکهاتەیەکی دەسەڵاتی شوڕایی لە کوردستان گەشە دەکات.

5- تەزمینی بەردەوامیی سەرکەوتن، لە گرەوی تێك شکاندنی یەکجارەکی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی و پێشرەوی بزوتنەوەی کرێکاریی لە ئاستی سەرتاسەری دایە. ساناترین و هەموارترین رێگای پاراستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانەی سەرکەوتوو لە کوردستان لێك هەڵپێکرانیەتی لەگەڵ شورشێکی سەرتاسەریی لە ئێراندا.

# بەشی یەکەم:

**پێکهاتەی دەسەڵات لە کوردستان**

ئەلف: دەسەڵاتی شوڕایی وەك نیزامێکی بانتری کۆمەڵایەتی

ئەزموونی سەرتاسەری جیهان بە باشی نیشانی داوە کە دێموکراسی پارلمانی، جەماوەری بێ بەشی کۆمەڵگا لە دام ودەزگای بەڕێوە بەرایەتی کارو بار و مودیرییەتی راستەوخۆی کۆمەڵگا و دەسەڵات بە سەر چارە نووسی خۆیاندا دوور دەخاتەوە و ئەم ئەرکە بە نوێنەرانێك لە پارلمان دەسپێردرێ کە دەنگدەران هیچ کۆنترۆڵێکیان بە سەر کار و کردەوەکانی ئەواندا نییە. لەم سیتمەدا نوێنەرانی پارڵمانیش بە کردەوە کۆنترۆڵیان بە سەر چۆنیەتی بەڕێوە چوونی ئەو یاسا و رێسایانەی کە دەنووسرێن دا، نییە. دەسەڵاتی واقعی لە نیزامی پارلمانیدا بە دەست ئورگانە بەڕێوەبەرەکانی، وەزارەتخانەکان، ئەرتەش، پۆلیس و رێکخراوە ئەمنیەتیەکانەوەیە. لە نیزامی پارلمانیدا هەر چەند ساڵ جارێك نوێنەرانی پارلمان دەگۆڕدرێن، دەوڵەتەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام پێکهاتەی سەرەکی ئەرکانی دەسەڵات واتە بوروکراسی دەوڵەتی، ئەرتەش، پۆلیس و ناوندەکانی ئاسایش هەر وەك خۆیان دەمێننەوە.

لە بەرانبەر نیزامی پارلمانیدا، سیستمی شوڕایی باشترین و گونجاوترین ئامرازی بەشداری سەرجەمی چینی کرێکار و جەماوەری خەڵك وەك یاسا دانەر و بەڕێوەبەری یاسا بۆ ئێدارە کردن و راپەڕاندنی کاروباری کۆمەڵگا.

لە هەلومەرجێکدا کە پێشکەوتنە تێکنۆلوژیکییەکان زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر پێوەندییەکانی گەشە پێداوە و ئیمکانی دەست پێراگەیشتن بە زانیارییەکانی لە سەرجەم بوارەکاندا بۆ هەموو کەس رەخساندوە، نیزامی شوڕایی، ئەرکی بەشداری راستەوخۆی کرێکاران و جەماوەری خەڵك بۆ ئێدارەی کاروباری کۆمەڵگا زیاتر لە پێشوو ئاسانتر دەکات. ئەم سیستمە دەتوانێ پێش بە دامەزرانی سیستمێکی بوروکراتیك کە بۆ جارێکی تر لە سەر سەری خەڵکی راپەڕیو قەرار بگرێ و ئەوان بکات بە بینەرێکی بێ دەسەڵاتی گۆڕەپانی سیاسەت، بگرێ.

خەڵکانێك کە پێکهاتەی نیزامی شوڕایی پێك دێنن خۆیان هەم یاسا دانەر و هەم بەڕێوەبەری یاسا دەبن. لەم نیزامە حکومەتییەدا سەرجەم کاربەدەستانی ئیداری و سیاسی و قەزایی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر کاتێك زۆربەی خەڵك ئیرادە بکەن، لە هەر سەردەمێکدا دەتوانن بیانگۆڕن. بەرپرسان لە بەرزترین ئاستی حکومەتی شوراییدا وەك خزمەتکاری خەڵك کار دەکەن و لانی زۆری مووچەی ئەوان یەکسانە لەگەڵ مووچەی کرێکارێکی پسپۆڕ.

ب: پێکهاتەی دەسەڵاتی شوڕایی

* دەسەڵاتی شوڕایی پێکهاتەیەکی "هێرەمی"یە کە شوڕای گەڕەکەکان، شوڕای شارەکان، شوڕای ئەیالەتی و کۆنگرەی سەرتاسەری شوڕاکان لە خۆدەگرێ و وەك بەرزترین ئورگانی دەسەڵاتدترییەتی دەبێ. کۆنگرەی سەرتاسەری شۆڕاکان هەم یاسا دانەرە و هەم بەرزترین ناوەندی دەوڵەتییە بۆ کاروباری ئیجرایی کە رێکی دەخات و چاودێری بە سەر کارەکانیاندا دەکات.

*لە دەسەڵاتی شوڕایی دا سیستمی قەزایی بە تەواوی لە سیستمی ئیجرایی جیا دەکرێتەوە و سەربەخۆ دەبێ. قازییەکان و سەرجەم کاربەدەستانی قەزایی لە رێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر کاتێك زۆربەی دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەتوانن

گۆڕانکاری تێدا پێك بێنن. سەرجەم دادگا تایبەتییەکان هەڵدەوەشێنەوە و تێکڕای موحاکمە کردنەکان بە ئاشکرا و بە بەشدرای لێژنەی "مونسیفە" بەڕێوە دەچێ.

ج: هێزی چەکدار

ئەرتەش، سپای پاسداران و سەرجەم ئۆرگانە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی و نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵدەوەشێنەوە و ناوەندێکی چەکداری جەماوەری لە ژێر ئەرك و فەرمانی کۆنگرەی سەرتاسەری شوراکان دادەمەزرێ.

هێزی چەکداری خۆجێی لە ژێر فەرماندەیی کۆنگرەی سەرتاسەری شۆڕاکان کاروباری پێوەندیدار بە بەرگری لە دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر هێرشی دەوڵەتی ناوەندی و یان هەر هێزێکی تری لە ئەستۆ دەبێ، ئەم هێزە مافی هیچ جۆرە دەست تێوەردانێکی لە کاروباری نێوخۆیی کوردستاندا نابێ.

ئاسایشی نێوخۆیی کوردستان لە ڕێگای هێزێکەوە دابین دەبێ کە لە لایەن بەرزترین ناوەندی دەوڵەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سەرتارسەری شوراکان سازمان دەدرێ و کۆنگرەش چاودێری بەسەر کار و کردەوەکانیدا دەکات.

## بەشی دووهەم:

**مافی دیاریکردنی چارەنووس**

1- بوونی ستەمی نەتەوایەتی لە سەردەمی ڕژیمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، وێڕای دڕندانەترین شێوازەکانی سەرکوتگەری لە دژی خەڵکی کوردستان، بەردەوام هۆکارێك بوون بۆ دواکەوتوویی ئابووری و فەرهەنگی ئەم ناوچەیە و خەڵکی کوردستانی ئێران گەلێك جاران لە دژی ئەو ستەمکاریە و لە پێناو وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس خەباتیان کردوە. هەر بۆیە لە کوردستانی ئازاد کراودا مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە مانای ئازادی جیا بوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وەك یاسا ڕادەگەیەندرێ و مەرجی پێویست بۆ کەڵك وەرگرتنی وشیارانە لەم مافە دابین دەکرێ و گارانتی لە پشت دەبێ.

2- ئەگەر بە دابین بوونی ڕەسمی، عەمەلی و واقیعی هەلومەرجێك کە لەو بەرنامەیەدا ئاماژەی پێکراوە، خەڵکی کوردستان بڕیار بدەن کە لە چوارچێوەی ئێراندا دەمێننەوە، لە وەها بارودۆخێکدا ئەرکی دەوڵەتی ناوەندییە کە بێجگە لە قەبووڵی سەرجەم مەرجەکانی گونجێندراو لەم بەرنامەیەدا هەر وەها بە پێی سیاسەتێکی گەلاڵە بۆ داڕێژراوی ئابووری، دواکەوتووییەکانی سەرچاوە گرتوو لە هەڵاواردنی نەتەوایەتی بە تەرخان کردنی بودجە و ئیمکاناتی پێویست لە سەرجەم بوراەکاندا قەرەبوو بکاتەوە.

3- چوارچێوەی پێکهاتەی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی شوڕایی کوردستان بە پێی دەنگی ئازادانەی خەڵکی ناوچە کورد نشینەکانی ڕۆژئاوای ئێران دیاری دەکرێ. سەرجەم خەڵکی نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بەجیا لە نەتەوە، ڕەگەز و مەزهەب لە تەواوی بوارەکاندا، بەشداری لە نیزامی یاسا دانان، بەڕێوەبەرایەتی و قەزایی کوردستاندا دەکەن و بەبێ هیچ هەڵاواردنێك لە مافی وەك یەك لەگەڵ دانیشتوانی خەڵکی کوردستان بەشدارن.

4- حکومەتی کوردستان هەر جۆرە سات و سەودایەکی دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ هێزە خۆجێییەکان سەبارەت بە دیاریکردنی پێکهاتەی سیاسی کوردستان بە نایاسایی و بە ناڕەوا دەزانێ.

دیاریکردنی چارەنووسی هەر گەلاڵەیەك سەبارەت بە چۆنیەتی ئیدارەی کۆمەڵگای کوردستان و شێوازەکانی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە ڕێگای دەنگی گشتی خەڵکی کوردستانەوە دەبێ.

## بەشی سێهەم:

**ماف و ئازدیيە فەردی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان**

1- مافی دەنگدانی گشتی، وەك یەك و ڕاستەوخۆ و نهێنی بۆ تەواوی کەسانێ کە تەمەنیان لە سەروی 16 ساڵ، بێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگەز، مەیلی مەزهەبی، قەومی و بیروڕای سیاسی. مافی خۆ پاڵاوتن و هەڵبژێران لە سەروی تەمەن 18 ساڵ لە هەر ناوەند و ئورگانێکی نوێنەرایەتیدا.

2- ئازادی بێ ئەم لاوئەولای سیاسی، ئازادی پێکهێنانی حیزب و هەڵسوورانی سیاسی، ئازادی بیروڕا دەبڕین، ئازادی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی، ئازادی کۆڕ و کۆبوونەوە، خۆپێشاندان، مانگرتن، پێکهێنانی شوڕا، سەندیکا و هەر جۆرە پێکهاتەیەکی سینفی و سیاسی. بوار ڕەخساندن بۆ دەست ڕاگەیشتنی تێکڕایی بە ڕاگەیەنەرە گشتییەکان، ڕادیۆ و ڕایەڵە تەلەویزیۆنیەکان و قەدەغە بوونی هەر جۆرە سانسۆڕێك.

3- جیایی مەزهەب لە دەوڵەت، هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە ئیمتیاز و هەڵاواردنێك لە کار و پیشەی دەوڵەتی و مافەکانی تاك لە سەر بنەمای مەزهەب و پلەوپایەی مەزهەبی، بوونی باوەڕ بە مەزهەب و یان بێ باوەڕ بوون بە مەزهەب، هەڵوەشاندنەوەی تەواوی یارمەتییە ماڵی و غەیرە ماڵییەکانی دەوڵەت بە کار و تێکۆشان و دامەزراوە مەزهەبییەکان، بابەتە دەرسییەکان و یاسا و ڕێسای مەزهەبی لە قوتابخانەکان و دامەزراوە و ناوەندە ئاموزشییەکانی دەوڵەتی. هیچکام لە مەزهەبەکان وەك مەزهەبی ڕەسمی لە کوردستان بە ڕەسمی ناناسرێ، مەزهەب بە ئەمری تایبەتی کەسەکان دەژمێردرێ و سەرجەم کەسەکان لە کوردستان لە هەڵبژاردنی هەر مەزهەبێك و یا نەبوونی هیچ مەزهەبێك دا ئازادن.

4- یەکسانی تەواوی مافی یاسایی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا لە کوردستان بەدەر لە نەتەوە، مەزهەب، بیروباوەڕی سیاسی ئەوان.

5- زمانی کوردی بە ڕەسمی لە قوتابخانە و زانستگەکانی کوردستان دەوترێتەوە و لە سەرجەم ئیدارە دەوڵەتی و دامەزراوە فەرهەنگی و هونەری و ڕاگەیەنەرە گشتییەکاندا بەکار دەبردرێ.

6- ئازادی هەڵبژاردنی پیشە و شوێنی نیشتەجێ بوون، پارێزراوی یاسایی هەر کەسێك و شوێنی نیشتەجێ بوونی، هەڵوەشانەوەی تەواوی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لە سەر بنەمای دەست تێوەردانی پۆلیس لە ژیانی مرۆڤەکاندا داڕێژراون و هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو ناوەندانەی کە بەڕێوەبەری یاسایەکی ئەوتۆن.

ئازادی سەفەر و نیشتەجێ بوون لە تەواوی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات و ئازادی سەفەر و هات و چۆ بۆ دەرەوەی وڵات بۆ هەموو کەس.

7- لە کوردستانی ئازاد کراودا پەنابەرانی سیاسی بەبێ مەرج وەردەگیرێن. هەر کرێکارێکی کۆچبەر و یان هەر پەنابەرێك مافی بەرابەر و یەکسانی لەگەڵ سەرجەم دانیشتوان دەبێ.

8- مافی چاودێری تەواوی خەڵك بە سەر سیاسەتی دەرەوەدا، هەڵوەشانەوەی هەر جۆرە دیپلۆماسیەتێکی نهێنی، ناسینی یەکسانی مافەکانی سەرجەم نەتەوەکان، پشتیوانی لە بزووتنەوە کرێکارییی، سوسیالیستی و ئازادیخوازەکان لە سەرتاسەری جیهان.

9- حکومەتی شوڕایی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە بەشەکانی تردا لە پێناو ئازادی و رزگاری لە ستەمی میللی دەکات و بە ئەرکی خۆی دەزانێ.

10- هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام وەك یاسا رادەگەیەندرێ و لانی زۆری ماوەی زیندانی بۆ ئەو کەسانەی کە بە بەندی هەمیشەیی مەحکوم دەکرێن، دیاری دەکرێت.

## بەشی چوارەم:

**مافەکانی ژنان**

لە کوردستانی ئازاد کراوی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێرانەدا سەرجەم هەڵاواردنەکانی دژ بە ژنان هەڵدەوەشێتەوە و لە پێناو دابین بوونی یەکسانی تەواو لە نێوان ژن و پیاو، مافەکانی ژنان لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و بنەماڵەدا دەکرێن بە یاسا.

* مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان

- ژنان و پیاوان دەبێ بە یەکسانی و وەك یەك مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانیان لە تەواوی ئۆرگانەکانی یاسادانان، قەزایی و ئیجراییدا لە ئاستی سەرتاسەری و خۆجێییدا پێ بدرێ. تەواوی ئەو یاسا و رێسایانەی کە ئازادی ژنان بۆ چۆنیەتی لەبەرکردنی جل و بەرگ بەرتەسك دەکاتەوە لە چەشنی یاسای حیجابی زۆرەملی هەڵدەوەشێنەوە.

- هەر جۆرە رێ و شوێنێکی پێوەندیدار بە جیا کردنەوەی ژنان و پیاوان لە کۆڕو کۆبوونەوەکان، قوتابخانە و زانستگەکان، ناوەندەکان و ئامرازی هاتووچۆی گشتی هەڵدەوەشێتەوە.

- هەر جۆرە هەڵاواردنێك بە پێی رەگەز لە بواری پەروەردە و بارهێنان هەڵدەوەشێتەوە. پۆلەکانی وانەی قوتابخانەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا دەبێ تێکەڵاوبن.

- ژنان مافی خۆیانە کە لە سەرجەم بەشەکانی وەرزشی، هونەری و زانستیدا بەشداربن و دەبێ تەواوی ئیمکاناتیان لەم پەیوەندییەدا بۆ دابین بکرێ.

- ژنان دەبێ لە ژێر گوشاری کاری ماڵ رزگاریان ببێ و ئاسانکاری بۆ بەشداریی ئەوان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بکرێ و بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوەی خزمەتگوزاری تایبەت لە چەشنی دایەنگە، شوێنی حەوانەوەی منداڵان، جل شۆر و هتد... لە گەڕەکەکاندا دابندرێ و بە خۆڕایی لە خزمەتی گشتیدا بن.

* مافە ئابوورییەکان

- یەکسانیی تەواوی نێوان ژن و پیاو لە کار و پیشە، پێدانی حەقدەستی وەك یەك بۆ کاری وەك یەك بە ژنان و پیاوان، بیمەی کۆمەڵایەتی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان. پێدانی مافی دوو رۆژ پشووی مانگانە بۆ ئەو ژنانەی کار دەکەن، قەدەغە بوونی پێ ئەسپاردنی هەر جۆرە کارێکی قورس و مەترسیدار بە ژنانی دووگیان. قەدەغە بوونی دەرکردنی ژنانی دووگیان بە هەر

بیانوویەك. خۆپاراستن لە دامەزراندنی ژنانی دووگیان و منالّەبەر، بە نایاسایی دادەندرێ و بە تاوان دەژمێردرێ. قەدەغە بوونی ڕاگەیاندنی ڕەگەز لە بڵاو کراوە و بانگەوازەکانی دامەزراندن و خوێندندا- (مەگەر لە هێندێك بواری تایبەت و پێویستدا کە یاسا دیاری دەکات.)

- کەڵك وەرگرتن لە 6 مانگ پشوودان بۆ سەردەمی دووگیانی و ساڵێك مەرەخەسی بۆ چاودێری کردنی کۆرپەڵە بە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرپەرەستەکانیان کەڵکی لێوەردەگیرێ.

* مافەکانی ژن لە بنەماڵەدا

ئازادی لە هاوسەرگیریدا و هەڵبژاردنی هاوسەر، قەدەغەبوونی هەرجۆرە سات و سەودایەك لە چەشنی شیربایی، مارەیی، جیاز و هتد لە کاری هاوسەرگیریدا. بە رەسمی ناسینی هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆمارکردنی لە ناوەندەکانی دەوڵەتیدا، قەدەغە بوونی سیغە و چەند هاوسەری.

یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە جیا بوونەوە و سەرپەرستی منالان، قەدەغە بوونی هاوسەرگیری بۆ ژنان و پیاوانی خوارتر لە تەمەنی 18 ساڵ. ئەو کەس و ناوەندە مەزهەبییانەی کە کەسانی خوار تەمەنی 18 ساڵ مارەی شەرعی دەکەن، تاوانبار دەژمێردرێن. قەدەغە بوونی پەیوەندیی جنسیی کەسانی سەرو تەمەن 18 ساڵ لەگەڵ کچان و کوڕانی خوار تەمەن 16 ساڵ.

- ژن و پیاو لە بەرانبەر یەکتردا و هەر وەها لە بەرانبەر منالّ و سەرجەم لایەنەکانی ژیانی هاوبەشدا دەبێ ماف و بەرپرسیارێتی یەکسانیان هەبێ، شوێنی ژیان دەبێ بە ڕێککەوتنی هاوبەشی هەر دوو لایەن هەڵبژێردرێ. یاسایەك کە تەنیا مافی پیاوان بۆ دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بە رەسمی دەناسێ، دەبێ هەڵوەشێتەوە. مافی ژنان بۆ کار کردن و سەفەر نابێ ببەسترێتەوە بە پیاو و لە دەستی پیاودا بێ.

- تەواوی ئەو یاسا شەرعی و عورفییانەی کە لە ژێر ناوی بەرگری لە ناموس، سزای سەر جینایەتکارانی دژ بە ژن کەم دەکاتەوە، دەبێ هەڵوەشێنەوە. بۆ تاوان و ئەو جینایەتانەی کە لە لایەن باوك، برا، مێرد و یان هەر کەسێکی تر دژ بە ژنان لە ژێر ناوی بەرگری لە ناموس و شتی لەم چەشنە، سزای قورس دیاری دەکرێ. هەر جۆرە کردەوەیەکی توندوتیژییانە دژ بە ژن لە بنەماڵەدا بە تاوان دەژمێردرێ و دەبێ یاسا لێی بکۆڵێتەوە. هەر جۆرە هەڵاواردن و نایەکسانییەکی نێوان ژن و پیاو لە یاسای تایبەت بە میرات، دابەشکردنی دارایی و ماڵ و ئیمتیازاتی یاسای پیاوان و پشتاوپشتی باوکییەتی سەبارەت بە مەسەلەی چاودێری و سەرپەرستی دا هەڵدەوەشێتەوە. ژنان و پیاوان دەبێ وەك یەك مافی جیا بوونەوە و تەڵاقیان هەبێ. لە کاتێکدا دوو لایەن چ ژن و چ پیاو مەیلیان بە جیا بوونەوە هەبێ یاسا دەبێ جیایی ئەوان بە رەسمی بناسێ. مافی دایکایەتی دەبێ سەربەخۆ و جیا لە هاوسەرێتی بە رەسمی بناسرێ. ئەو ژنانەی کە بەبێ شوو کردن منالّیان دەبێ، دەبێ سەرجەم مافە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی دایکایەتییان بۆ دابین بکرێ. منالّەکانیشیان دەبێ سەرجەم یاسا کۆمەڵایەتیەکان بیانگرێتەوە. پەیوەندیی تایبەتی ژن و پیاو جێگای ڕێزە و دەبێ لە هەر جۆرە دەست درێژی کردنێك پارێزراو بێت. دەست تێوەردان لە ژیانی تایبەتی ژن و پیاو لە لایەن هەر کەسێك و ناوەندەکانی دەوڵەتییەوە بە تەواوی قەدەغەیە.

* لە بار بردن

- کۆمەڵگای سەرمایەداری تەنیا دوو ڕێگای لە بەردەم ئەو ژنانە داناوە کە لە سەر ویستی خۆیان دووگیان نابن: لەناو بردنی کۆرپەڵە و یان چوونە ژێر باری هەلومەرجی دژواری دەروونی، ئابووریی و کۆمەڵایەتی لە کاتێکدا ئەگەر بیانهەوێ کۆرپەکە بپارێزن. هەژاری و دەست تەنگی بۆ دابین کردنی ئابووریی منالان، کۆمەڵێك کۆسپ و تەگەرەی واقیعی و عەمەلی کە بەهۆی هەبوونی منالّ و چاودێری و پەروەردە کردنی، لەسەر ڕێگای بەشداریی ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دا دروست دەبێ و هەروەها گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی کە بەهۆی هەبوونی منالّ بۆ ژنانی بێ هاوسەر "سەڵت" پێك دێت، دەبێتە

هۆی ئەوەی کە زۆربەی ژنان خوازیاری کۆتایی هاتنی سك پڕیی خۆیان بن. ئەگەر ئەم کارە نا یاسایی بێ، ژنانی مناڵەبەر پەنا بۆ لەباربردنی کۆرپە بە هۆی کەسانی ناشارەزا و لە ژێر هەلومەرجی دوور لە تەندروستیی و بە هەزینەیەکی زۆرەوە دەبەن. بە سەرنجدان بەم راستییە دەبێ مافی لەباربردنی کۆرپەڵە لە کاتێکدا مەترسیی گیانی بۆ ژن بە دواوە نەبێ و تەمەنی کۆرپەڵە زیاتر لە 16 حەوتوو نەبێ، بۆ هەموو ژنان بە رەسمی بناسرێ و لەباربردن تەنیا لە دەستی ژنەدایە و هیچ کەس و لایەنێك مافی ئەوەی نییە.

- کاری لەباربردنی کۆرپەڵە دەبێ لە نەخۆشخانەکان و کلینیکەکان و لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕ و بە خۆڕایی بکرێ. کەسانێك کە بەبێ شارەزایی پێویست ئەم کارە دەکەن بە تاوانبار دەژمێردرین و یاسا دەبێ پێ و شوێنی بگرێ.

* فەحشا

فەحشا یەکێك لە شێوازەکانی ستەمە کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بە سەر ژناندا دەسەپێندرێ و خەبات لە دژی فەحشا بۆ گەڕاندنەوەی کەسایەتی ئینسانیی ژن لە کۆمەڵگا، کارێکی بنەڕەتی و حەیاتییە. هەژاری و دابین نەبوونی بواری کۆمەڵایەتی و ئاستەنگە یاسایی و عەمەلییەکان، کە لە سەر رێگای کاری ژنان و سەربەخۆیی ماڵی ئەوان لە ئارادایە، هەروەها هەبوونی فەرهەنگ و نەریت و رەوشتی پیاو مەزنانە، لە هۆکارەکانی خوڵقاندن، پاراستن و پەرەگرتنی فەحشا لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدایە، دەمارگرژیی و بارهێنانە مەزهەبییەکان، هەروەك ئەزموونی حکومەتی ئیسلامی لە ئێران نیشانی داوە، بە بەهێز کردنی نیزامی پیاو مەزنی و سەقامگیر کردنی باری ژێردەستەیی ژن، خۆی ئەمە بۆتە هۆی پەرەگرتنی فەحشا لە کۆمەڵگادا.

- لە ناو بردنی فەحشا لە گرەوی خەبات لە دژی هەموو ئەو هۆکارانەدایە کە ئاماژەی پێکرا. هەروەها بۆ بەگژدا چوونەوەی فەحشا ئەم کارە بەپەلانە پێویستن:

- ئەرکی دەوڵەتە کە قوربانییەکانی دەستی فەحشا لە بواری ئابوورییەوە دابین بکات و ئیمکاناتی پەروەردەیی و هەلومەرجی پەیدا کردنی کار و پیشەی گونجاویان بۆ تەرخان بکات. هەڵخڕێنەران و پەرەپێدەرانی فەحشا دەبێ لە لایەن یاساوە لێیان بکۆڵدرێتەوە و سزا بدرێن.

## بەشی پێنجەم:

**مافی مناڵان**

1- پشتیوانیی لە ژیان و ئاسایشی مناڵان بەجیا لە بارودۆخی بنەماڵەیی لەلایەن دەوڵەتەوە. ئەرکی دەوڵەتە کە ستانداردێکی یەکگرتوو لە ئاسایش و ئیمکاناتی گەشەی ماددی و مەعنەوی مناڵان و تازە لاوان لە بەرزترین ئاستی گونجاودا دابین بکات.

2- پێدانی یارمەتی پێویست و دابین کردنی خزمەتگوزاریی بەخۆڕایی پزیشکی و ئاموزشی و فەرهەنگی بە مەبەستی گارانتی و ستانداردی ژیانی مناڵان و تازەلاوان سەربەخۆ لە هەلومەرجی بنەماڵەیی. دابین بوونی ئەرکی پەروەردەی زۆرەملی هەتا تەمەنی 16 ساڵ.

3- سەرجەم ئەو مناڵانەی سەرپەرست و ئیمکاناتی بنەماڵەییان نییە، دەبێ لە ژێر چاودیری و سەرپەرستی دەوڵەتدا بن و ژیان و پەروەردەی ئەوان لە ناوەندە پێشکەوتوەکان و تەیار و مۆدێرن لە ئەستۆی دەوڵەتە.

4- دروست کردنی دایەنگە بە ئیمکاناتی گونجاو بە مەبەستی بوار رەخساندن بۆ سەرجەم منداڵان لە شوێنێکی زیندوو و داهێنەرانەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، جیا لە هەلومەرجی بنەماڵەیی.

5- منداڵان، چ ئەوانەی لە ژیانی هاوسەرێتیدا دەبن یان لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرێتیدا، دەبێ بە تەواوی مافی وەك یەك و یەکسانیان هەبێ.

6- قەدەغە بوونی کاری حیرفەیی بۆ منداڵان و تازەلاوانی خوار تەمەنی 18 ساڵ.

7- قەدەغە بوونی هەر جۆرە ئازاردانێکی منداڵان لە بنەماڵە، قوتابخانە و دامەزراوەکانی پەروەردەیی و لە ئاستی کۆمەڵگادا بە گشتی.

8- بەگژدا چوونەوەی یاسایی لەگەڵ کەڵکی خراپ وەرگرتنی جنسیی لە منداڵان، کەڵك وەرگرتنی جنسی لە منداڵان بە تاوانێکی قورس و جینایەت دەژمێردرێ.

## بەشی شەشەم:

### ئاسایشی گشتی و بیمە کۆمەڵایەتییەکان

1- بیمەی بێکاریی پێویست لە سەر بنەمای لانیکەمی حەقدەست بۆ هەر کەسێکی سەروتر لە تەمەنی 18 ساڵ.

2- دابین کردن و تەزمینی شوێنی نیشتەجێ بوونی گونجاو بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا.

3- بێهداشت و دەرمانی گشتی، بە خۆڕایی و گونجاو و چاودێری پزیشکی و دەرمانیی سەرتاسەری، بۆ سەرجەم کەسانی کۆمەڵگا.

4- خوێندنی بە خۆڕایی لە سەرجەم بوارەکان و بۆ هەموو کەس، ئیجباری بوونی پەروەردە هەتا تەمەنی 16 ساڵی و بەرنامەرێژی بەپەلە بۆ لە ناو بردنی نەخوێندەواری .

5- دابین کردنی خزمەتگوزاری تایبەت بە مەبەستی کەمبوونەوەی کاری ناو ماڵ لە چەشنی جلشۆرخانە ، دایەنگە و هتد لە گەڕەکەکاندا.

6- دابین بوونی ژیان، ئاسایش، گەشت و گوزار و پەروەردەی منداڵان لە لایەن دەوڵەتەوە، بەجیا و سەربەخۆ لە هەلومەرجی بنەماڵەیی ئەوان.

7- دابین کردنی ژیان و ئاسایشی کەم ئەندامان و تەرخان کردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ بەشداریدانی کۆمەڵایەتی ئەوان لە لایەن دەوڵەتەوە.

8- دابین کردنی ژیان و ئاسایش بۆ بەساڵاچوان و تەرخان کردنی شوێنی گشتی و گونجاو بۆ پاراستنی ئەوان.

9- هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە ماڵیاتێکی ناڕاستەوخۆ.

10- قەدەغەبوونی هاوسەرێتی کوڕان و کچانی کەمتر لە 18 ساڵ و ئازاد بوونی هەموو کەسی ژوورتر لە 18 ساڵ تەمەن لە پێکهێنانی بنەماڵە بە بڕیاری خۆی.

## بەشەی حەوتەم:

**خەبات لە دژی گیرۆدە بوون و قاچاخی مەوادی موخەدیر**

1- قەدەغە بوونی کڕین و فرۆشتنی مەوادی موخەدیر و سزادانی بەرهەم هێنەران، قاچاخچی و فرۆشتنی نایاسایی مەوادی موخەدیر.
2- یارمەتی گەیاندن بە ئەرکی خەبات لە دژی گیرۆدە بوون لە ڕێگای لەناوبردنی بوارە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی رووتیکردنی خەڵك لە مەوادی موخەدیر و پشتیوانی لە گیرۆدە بووان لە بەرانبەر فرۆشیاران و باندەکانی قاچاخچی و فرۆشتنی مەوادی موخەدیر.
3- یارمەتیدانی قوربانیان و بنەماڵەکانیان لە پێناو تەرکی ئیعتیاد.

## بەشەی هەشتەم:

**پارێزگاری لە ژینگە**

1- پارێزگاری لە سەرچاوە سروشتی و ژینەگەییەکان و پێش گرتن لە بەفێڕودانیان ئەرکی دەوڵەتە.
2- پیس کردنی سەرچاوە سروشتییەکان و هەوای ناوچەکانی نیشتەجێ بوون دەبێ بە جورم بناسرێ و سەرپێچی کاران پێویستە سزا بدرێن.

## بەشی نۆیەم:

**یاسای کار و مافەکانی کرێکاران**

1- کەم کردنەوەی کاری حەوتوانە بە لانی زۆرەوە 35 سەعات و دیاریکردنی لانیکەم دوو ڕۆژ پشوودان لە هەر حەوتوویەکدا، 30 ڕۆژ پشووی ساڵانە، سەرەڕای تەعتیلاتە ڕەسمییەکان بە پێدانی حەقدەستی تەواو.
2- دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی ڕەسمی بە ڕێککەوتنی نوێنەرانی سەرتاسەریی هەڵبژێراوی کرێکاران لە سەر بنەمای هەزینەی دابین بوونی پێداویستیی ژیان و زیاد کردنی ئاستی حەقدەستەکان، پێ بە پێی چوونە سەرێی نرخی پێداویستی و بە لەبەرچاوگرتنی باشتر کردنی ئاستی ژیان.
3- دیاریکردنی حەقدەست و ماوەی پشوودان لە ماوەی کاری ڕۆژانە بە پێی دژواری، مەترسی تەندروستی و هەلومەرجەکانی تری جەستەیی کار بە پەسند کردنی نوێنەرانی هەڵبژێراوی کرێکاران.

4- قەدەغە بوونی دەرکردنی کرێکاران لە لایەن خاوەنکار و ئەسپاردنی بڕیاری کۆتایی لە هەموو بوارەکانی دەرکردن بە رای گشتی کرێکارانی ئەو بەشەی کە پەیوەندی پێیەوە هەیە. چاودێری نوێنەرانی هەڵبژێراوی کرێکاران بەسەر کاری دامەزراندندا.

5- قەدەغە بوونی هەر جۆرە ئیزافەکارییەك.

6- قەدەغە بوونی کاری شەوانە لە سەرجەم بەشەکاندا بێجگە لەو بەشانەی کە بە هۆی تکنیکی و یان ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کە کاری شەوانە تێیدا ناکرێ رابگیرێ. پێدانی حەقدەست و موچەی دوو قات بۆ کاری شەوانە، پێدانی حەقدەست بۆ کاری شیفتی.

7- پێدانی حەقدەست و موچەی زۆرتر بۆ کار لە رۆژانی پشوودا.

8- قەدەغە بوونی هەر جۆرە کارێکی موزدی (هەم لە کاری بەش بەش و هەم لە کاری قۆنتەراتیدا) و قەدەغە بوونی پێدانی حەقدەست بە شێوەی کالایی و غەیرە نەغدی.

9- قەدەغە بوونی هەر جۆرە جەریمە و کەم کردنەوەی حەقدەست بە بیانووی جۆراوجۆر، پێدانی حەقدەست و موچە بۆ ئەو کاتانەی بە هەر هۆیەکەوە لەسەرکار حازر نابن، کاتی نەخۆشی و کاریگەرییەکانی نەخۆشی، کاتی مانگرتن و هەر جۆرە راوەستانێك لە بەرهەم هێناندا بە هۆی جۆراوجۆر و یان ئیرادەی خاوەنکار،

10- لەبەرچاو گرتنی ماوەی خواردن، حەمامی دوای کۆتایی کار و ماوەی پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتی و بەشداریی کرێکاران لە پۆلەکانی خوێندەواری بەشێکە لە سەعات کاری کرێکاران و دابین کردنی خەرجی هاتوچۆ لە لایەن خاوەنکارەوە.

11- دابین کردنی ئاسایش و بێهداشتی شوێنی کار و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی شوێنی کار بە لانیکەمی گونجاو، بەدەر لە هەر چەشنە تیبینییەکی بەرژەوەندی خوازانە، چاودێری و تاقیکاری پزیشکی رێکوپێك لە بەرانبەر مەترسی نەخۆشییەکانی سەرچاوەگرتوو لە جۆری کار بە خەرجی خاوەنکاران و دەوڵەت.

12- بیمەی تەواوی کرێکاران لە بەرانبەر زیان و خەسارەتی سەرچاوەگرتوو لە کار، لە شوێنی کار بێ یان لە دەرەوەی کار، بەبێ ئەوەی کە کرێکار پێویستی بە سەلماندنی کەم کاریی خاوەنکار و یان بەڕێوەبەرایەتی بەشی بەرهەم هێنان هەبێ، بە خەرجی خاوەنکاران و دەوڵەت بە تێگەیشتن و چاودێری نوێنەرانی هەڵبژێراوی کرێکاران. پێدانی خەسارەت بەو کرێکارانەی کە بە هۆی رووداو و دەرکەوتەکانی کارەوە تووشی نەخۆشی و کەم ئەندامی دەبن و یان توانایی کار کردن لە دەست دەدەن. پێدانی حەقدەست و موچەی تەواوی خانە نشینی بە کرێکاران، هەڵوەشاندنەوەی موچەی بیمە لە لایەن خودی کرێکارانەوە.

13 هێنانە خواری لانیکەمی تەمەنی خانە نشینی بۆ 55 ساڵ و یان پاش 25 ساڵ پێشینەی کار، یەکخستنی حەقدەست و موچەی خانە نشینی هاوکات لەگەڵ چوونە سەرێی ئاستی حەقدەستەکان. لە بەرچاوگرتنی سەرجەمی پێشینەی کاری کرێکاران لە کارخانەکان و یان سەردەمە جۆراوجۆرەکان لە دیاریکردنی ئاستی حەقدەست و موچەی کرێکاران.

14- حەقدەستی وەك یەك بۆ ژنان و پیاوان بۆ کاری یەکسان. ئیمکان و بواری وەك یەك لە کار و پیشە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، نەتەوە و مەزهەب.

15- قەدەغە بوونی ئەسپاردنی کاری قورس بە ژنانی دووگیان، 6 مانگ پشووی سەردەمی دووگیانی و منداڵ بوون بۆ ژنانی کرێکار و لەسەرکار بەبێ کەمکردنەوەی حەقدەستەکانیان . دیاریکردنی دوو رۆژ پشووی مانگانە بۆ ژنان بە پێدانی ماف و حەقدەستی تەواوەوە.

16- قەدەغە بوونی کاری حیرفەیی بۆ منداڵان و تازەلاوانی خوار تەمەنی 18 ساڵ.

17 دابین کردنی پێویستییە ئاساییشی و فەرهەنگییەکانی شوێنی کار و گەڕەکەکانی سازمانی و نیشتەجێ بوون لە چەشنی سالۆنی کۆڕ و کۆبوونەوە، سالۆنی پشوودان، خواردنگە، زەوی و سالۆنی وەرزشی، شوێنی گەشت و گوزار، دەرمانخانە، کتێبخانە و پۆلەکانی خوێندەواری بۆ گەورە ساڵان بە هەزینەی خاوەنکار و دەوڵەت.
18- رێکخستن و دیاریکردنی رێوشوێنی نێوخۆیی کارگاکان و بەشەکانی بەرهەم هێنان و ئابووری بە پەسند و چاودێری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران.
19- پێکهێنانی دادگاکانی چارەسەری کێشەکان لەگەڵ لێژنەی "مونسیفە" پێکهاتوو لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران بۆ بڕیاردان سەبارەت بە ناکۆکیەکانی کرێکاران و خاوەنکاران. هەزینەی پێکهێنانی دادگا دەبێ بە تەواوی لە ئەستۆی خاوەنکار بێ.
20- پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵەرەوەی کرێکارن بە هەڵبژاردنی کرێکاران. ئەم لێژنانە لە چۆنیەتی بەڕێوە بردنی ئەم خاڵانەی ئاماژەی پێکرا لە سەرجەم بەشەکانی بەرهەم هێناندا و بە گشتی لە شوێنی کاری کرێکاران لێکۆڵینەوە و حیسابڕەسی دەکەن.

**هەنگاوە ئابوورییەکان**

- حکومەتی شورایی خەڵکی کوردستان لە پێناو دابین بوونی ئامانج و داخوازییە ئابووری و ئاساییشییەکانی سەرەوە و بۆ پەرەگرتنی کەوتنەگەڕی ئیرادەی رێکخراو و هەرچی بەرینتری کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ژیانی ئابووری و سیاسی خۆیان، راپەڕاندنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە.
* بەدەستەوە گرتنی سەرجەم دامەزراوە پیشەیی و بازرگانییەکانی سەر بە رژیمی کۆماری ئیسلامی.
* بە دەستەوە گرتنی "مەوقوفات" و ماڵیاتی "تەساعودی" لە سەر میرات و دارایی و لە سەر داهاتەکانی وەدەست هاتوو لە خاوەندارێتی ئامرازی بەرهەم هێنان و ئالوێرکردن.
* چاودیری کردنی شورا دێموکراتیکەکانی خەڵك بە سەر کاری دابەشکردنی کالاکان.
* هەتا کاتێك کە گەڵاڵەی دیاریکراو بۆ پەرەپێدانی ناوەندەکانی بەرهەم هێنان و قەرەبوو کردنەوەی دواکەوتوویییە ئابوورییەکانی سەرچاوە گرتوو لە هەڵاواردنی میللی بە هەزینەی دەوڵەتی ناوەندی دابین دەبێ و هەتا کاتێك سەرچاوە سروشتییەکانی ئێران لە خزمەتی ئاسایشی گشتی سەرجەم کۆمەڵگا و وەڕێ خستنی پرۆژەی یەکسان کردنی نەتەوەکانی دانیشتوی ئێران قەرار دەگرێ، دەسەڵاتی شوڕایی خەڵکی کوردستان داهاتی وەدەست هاتوو لە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان دەخاتە خزمەت بەرنامە ئاسایشییەکانی خۆی. کۆمەڵە لە پێناو کردنی ئەم بەرنامەیە بە یاسای بنەڕەتیی کوردستان و پەسند کردنی بە دەنگی زۆرایەتی لە بەرزترین ناوەندی دەسەڵاتی خەڵك (ریفڕاندۆم، کۆنگرەی سەرتاسەری شوراکان و ...) هەوڵدەدات. بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەر خەبات و ئاخێزێکی کۆمەڵایەتی و ناوەندە سیاسییەکان کە بەشێك لەو ئامانجانەی ئەم بەرنامەیە دەستە بەر بکات و بواری دەست پێڕاگەیشتنی کرێکاران و خەڵکی ستەم لێکراو بە ئاڵقەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگادا برەخسێنێ، چالاکانە بەشدرای دەکات.

***



ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەڵە